# پانۆراما

## زنجیرەی شەشەم

فەهد گردەوانی
هەرجارەی دەینووسێت



**یەکەم... دەق و وەرگێڕان... شاعیر یا شاعیران یا شاعیرەکان ، هەردەم ئەو مرۆڤە دڵگەورانەن ، کە لە ناخەوە مرۆڤیان خۆش دەوێ . بۆیە شەو و رۆژ ئێشک بۆ ووشە و پەیڤ دەگرن . هەتا لە ناو چوارچێوەی شیعر دا دایرێژن و بە قوورگی مرۆڤی ببەنە خوارێ بۆ ناو هەناو{سگ..ناخ}. یا بیخەنە بەر چاوی مرۆڤ بۆ ئەوەی توند و تیژی وەلا نێن و خۆشەویستی لە دڵی یەکتردا بڕوێنن.ئەو دەقانە چەند پیرۆزن کە خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەن .**

**شاعیر یەکێکە**

**که دەتوانی رووناکی{تیشک..شەوق..تریسک} لە ناو کەوچکێک{مراکێک} دابنێ و**
**لە پاشان بەرزی بکاتەوە {هەڵیبگرێ}[بەرز رایبگرێ]**
**بۆ ئەوەی هێز [گوڕ]{توانا..تاقەت} بداتە**
**دەمە پیرۆز و جوانە ووشکەکانت ،دەمی پیرۆزت[پیرۆزی دەمت]**
**دەمی پەرستگات {پەرستگای دەمت} {دەمی عیبادەت}{عیبادەی دەمت}.**

**ئەوانە چەند پەیڤی شاعیرێکی کلاسیکی یە و ناوی لە دەفتەرەکەم تۆمار نەکراوە.بە چی نووسراوە ئەویش هەر بە سادەیی شوێنی خۆی داگیر کردووە.**

**شاعیرێکی سویدی دەیگووت من لە ئیسپانی یەوە ،شیعرەکانی لۆرکا دەکەمە سویدی ، گووتم دیارە ئیسپانی یەکەت باشە ، لە وەڵامدا گووتی نەخێر بەهۆی فەرهەنگەوە ، شیعرەکان وەردەگێرم. ئەوجا کورد کوا فەرهەنگی سویدی و ئینگلیزی و فەرەنسی و رووسی و ئیسپانی و زمانانی باشی هەیە هەتا بتوانی بە هۆی فەرهەنگ شیعران بکاتە کوردی.**

**دووەم...لە سێدارەدانی بارزان و عەواد... سەری بارزان تکریتیان پەڕاند.لە مێژووی هەڵواسین و لە سێدارەدان سەر لە لاشە جیانەبۆتەوە . ئەوەی بارزان تکریتی یەکەمە و رەنگە لە عێراقی تازەدا ئەگەر دەستووری لە سێدارەدان بمینێ سەری تریش بپەڕێت . ئەوانەی شارەزاییان لەو کارە هەیە بەلایەنەوە سەیرە، خۆ عەواد بەکەلەش قەبە تریش بوو کەچی بۆ خۆی بە گوریسەکە شۆڕ ببۆوە. دەبێ رێکخراوێکی مرۆڤ دۆستانە دابمەزرێ دژی هەڵواسین و لە سێدارەدان دەنگ هەڵببڕێ بۆ ئەوەی عێراقی تازە لە رەوشتی کوشتن و ئیعدام و توند و تیژی پاک بکاتەوە. ئەو بیرۆکە مرۆڤایەتی یە دەبێ کاری بۆ بکرێت و خەڵکی بۆ ئامادە بکرێت کە تاوان بە کوشتنی تاقە کەسێک لە بەین ناچێت ، بەڵکو دەبێ خەڵکی فێر بکرێت کە تاوان نەبێتە رەوشتیان. هەردووک تاوانبار بارزان و عەواد دەستیان لە خوێنی مرۆڤایەتی سوور بوو بۆیە گەیشتنە ئەو رۆژەی کە دادگا رەحمیان پێ نەکات . ئەوانەی دەبنە هۆی سگ سوتان و رەش پۆشی کردنی خێزانی مرۆڤ دەبێ چاوەڕوانیش بێت کە رۆژێک لە رۆژان تۆڵەی لێدەکرێتەوە و خێزانەکەی رەش پۆش دەکات .**

**سێیەم... سەرکەوتنی مرۆڤایەتی...سەدام حوسێنی دیکتاتۆر وەکو مۆسۆلینی هەڵواسرا. لە خەونیش خۆی نە دەبینی هەڵبواسرێ ، بەڵام رۆژانە خەڵکی هەڵدەواسی و خەڵکی دەکوشت. دوو دەوڵەتی دراوسێی هیلاک کرد و بە میلیون خەڵکی کردە کەم ئەندام و بە میلیونیشی کردە قوربانی شەڕێکی نارەوا . هەشت ساڵ خەوی لە چاوان حەرام کرد.دەوڵەتێکی تری قووت دا، ژن و کچی تێدا هەتک کرد و زێر وماڵی خەڵکی  تالان کرد و دزی . پاروی خواردنەکەی ئەوەندە گەورە بوو لە قورگی گیرا و عیراق و عیراقی یەکانی کردە قوربانی مانەوەی دەسەلات و گەمارووی ئابووری خستە سەریان . نوری مالیکی لە هەردوو بڕیاری لە سێدارەدانی سەدام و بارزان وعەواد ریزی لە رایەکانی  بەرێز جەلال تالەبانی نەگرت. مام جەلالیش لە هەردوو بڕیار بێدەنگی خۆی نیشان**

نەدا و قسەی خۆی بە فیرۆ دا. مام جەلال لە سلێمانی بوو کە سەدام یان هەڵواسی. چووە دیمەشق بارزان و عەواد یان هەڵواسی .مامجەلال پێش ئەوەی سەفەری دەرەوە بکات داوای کرد هەڵواسینیان جێ بەجێ نەکرێت و دوابخرێت . بە قسەیان نەکرد . بۆ مام جەلال قسەکردن و جێ بەجێ نەکردنی قسەکانی ئەوەندە گرنگ نی یە ، بەڵام دەبێ مام جەلال بزانێ بۆ کاری دیپلوماتی و سیاسەت کردن بە گران لەسەری دەوەستێت . ئیمزای مام جەلال وەکو سەرۆکی عێراقی بە هیچ ناچێت بۆیە چاوەڕوانی ئەو قەڵەمە کەسکە[سەوزە] نەبوون هەتا مام جەلال بەکاری بهێنێ . هیوادارم مام جەلال قسەکانی خۆی بە گران رابگرێت و بە فیرۆی نەدات.

**چوارەم...سێ هەزار سەربازی ئەمریکی...** لە ساڵی رابردوو واتە 2006 بووە 3000سەربازی ئەمریکی لە عێراقدا گیانیان بەخت کرد.کوشتنی سەربازی ئەمریکی بۆ ئەمریکیەکان زۆر بە گرانبەهاتر دەوەستێت لە کوشتنی خەڵکی سیڤیلی عێراقی و کوردستانی.سەربازەئەمریکییەکان لەکاتی کوشتنیان رەوانەی ئەمریکا دەکرێنەوە ،بەڵام خەڵکی لەلای خۆمان بەکۆمەڵ دەنێژران. گەلێک کەس هەنووکەش لاشەکەی بەبێ ناز شاردراوەتەوە و کەس نازانێ لەکوێ خەوتووە.ئەمریکی یەکان بە ریزەوە سەربازەکانیان دەنێژن .ئەو کوشتنە زۆرە بووە هۆی سەرکەوتنی دیموکراتەکان لە دەنگدانی ئەمجارە و رەنگە ئەگەر ئاوا بەردەوام بێت جۆرج بۆشیش بدۆڕێت.لای خۆمان گەلێک کەس بوونە خۆراکی شەری براکوژی بۆ ئەوەی سەرۆکەکەی لە حوکمدا بمینێت.

**پێنجەم...زەلمای خەلیل زاد...**لە مێژووی سیاسی ئەمریکا دا گەلێک یەهوودی پۆڵۆنی ..چیکی ..رووسی..رۆمانی..نەمساوی..ئەڵمانی...هتد دەسەڵاتی بەرزیان هەبووە لە سیاسەتدا و جێگای خۆیان لەناو حیزبی دیموکراتی و کۆماری ئەمریکا کردۆتەوە و دەستیشیان لە سیاسەتدا رۆیشتوو بوو. بەڵام موسڵمانێک و رۆژهەڵاتی یەک ئەو پۆستە بەرزەی نەبینیووە کە هەنووکە خەلیلزاد دەیبیت . باڵیوزی ئەمریکا لە ئەفغانستان و لە عێراق و پاشان لە نەتەوە یەکگرتووەکان ، کارێکی ئەوەندە کەم نی یە. خەلیلزاد پاریزگاری سیاسەت و بەرژەوەندی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات ، دەبێ سەرکردایەتی کورد تێبگات کە دۆستایەتی خەلیلزاد و سەرکردایەتی کورد لە چوارچێوەی بەرژەوەندی یەکانی ئەمریکا بووە نەک ماچوموچ و خۆشەویستی زەلمای بۆ کورد و کوردستان .

**شەشەم...نەوت و گاز...**ئەو کوردستانە چۆن دەبێتە دوبەی و ئەبوظەبی..کوا ئەو شیخ [زاید]انەی کوردستان هەتا بۆ فەقیر و هەژاران نەوت و گاز لە نرخی 200 دۆلار کەمتر بکەنەوە . دوبەی و ئەبوزەبی لە شەستەکان بیابان بوو هەنووکە فرۆکەوانی سویدی بە مەمنوونی دەچیتە ئەوێ و کار دەکات. دکتۆری ئەڵمانی هەزار جار هەوڵدەدات هەتا بچیتە دوبەی خەڵکی ئازمایش بکات . خەڵکی کوردستان دەچنە تاران و عەمان و دیمەشق بۆ چارەسەر کردنی خۆیان . دیارە ئەوانەی دۆلار لە گیرفانیان گۆرانی دەڵێت. ئەو 15 ساڵە بۆ حوکمرانی دیارە ماوەیەکی کەمە هەتا حاکمی کورد چارەسەرێک بۆ ئەو خەڵکە دەدۆزیتەوە. بەر لە 30 ساڵ کارەبا چاکتر بوو..نەوت و گاز زیاتر بو..هەنووکە جارەکی تر منداڵی کورد لەبەر سۆبەی دار خۆی گەرم دەکاتەوە و لەبەر چرای لالە وفانووس خوێندنی دەور دەکاتەوە .ئەی کەی سەیری {ئیمیلەکانی} دەکات و لە رێگای کۆمپیوتەرەکەی هەواڵی جیهان دەخوێنیتەوە. هەنووکە شارەکان گەلێک گەورە بووینە و هەموو خەڵکی گوندیان بە خۆشی و ناخۆشی هێنایە ناو شار گوندەکان جاران حکوموت تێکی دەدا و دەیروخاند هەنووکە لێپرسراوەکان و دەوڵەت خەڵکی گوندی تووشی شار دەکات. دەشتی هەولێر سەوزایی نامینێ {کونەگورگ و دارەتو و کەسنەزان و حەسارۆکان و بنەسڵاوە و درۆپە و شاوێس و دارەمان و گردەرەشە} گوند بوون و خەڵکی بە خۆی کشتوکاڵ و شینایی تێدا دەکرد و بەروبوومەکە دەهاتە شار و خەڵکی پێ تێر دەکران . هەنووکە ئەو خەڵکە جوتیارە گەنم و جۆ و تەماتە و بامیا و باینجانی تورکیا و ئێران و سوریا و چین و کوریا دەکڕێت و دەخوات. ئەوە چۆن کاک مەسعوود بە راوێژکارەکانی نەگووت دوبەی چۆن دروستکراوە هەتا بە دروستکردنی دوو سوپەرمارکێت هەولێر بکاتە دوبەی. خوایە بەیانی کە خەڵکی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و دهۆک لە خەو هەڵسان بە هەوڵ و قوەتی خۆت بۆیان بکەی بە دوبەی .

**حەفتەم...ئیسماعیل هەنییە...**قوڕ بەسەرەی سەرۆکوەزیریشە ،کەچی لە سنوور رێگای پێنەدرا بگەڕێتەوە فەلەستین بە خۆیی و ئەو هەموو دۆلارەی کە لە ئێران پەیدای کردبوو. ئیسرائیل بێشەرمانە ئیهانەی کردوو و ناچاری کرد پارەکە لە قاهیرە بەجێ بهێڵێ .ئیسماعیل هەنیە خاوەنی فرۆکەخانە نی یە، خاوەنی خاکی ئازاد کراو نی یە کەچی پەنجەی[قامکی] هەڵدەشەقێنی و دەڵێ ئێمە دان بە بوونی ئیسرائیل نانێین. بەلای دەنگدانی دیموکراتی بووە تەنگوچەڵەمەی ژیانی رۆژانەی خەڵکی فەلەستین و دووچار بوونی شەڕی ناوخۆیی.

**2007/1/20ستۆکهۆڵم**